www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-1-2007 15:56

# بۆ کیژۆڵەکەی سەفین ... چیا عباس صاحیقران

کیژۆڵە چاوشینە چڵمنەکەی گوندەکەی باوەشی سەفین
بۆ وا کز ومات راوەستاوی؟
بەرگی پیریی سەفینت
لە بالآت ئالآندوە؟
بۆ وابێ ئۆقرە
چاوت بریوەتە
بست بە بستی تولە رێی پەککەوتوی ئەم دێیە؟
پێم بڵێ بۆ وابێدەنگی؟
بۆ گزنگی کاڵی چاوەکانت شینی ئاسمان شەق شەق دەکات؟
بۆ غەمی نیشتوو لە روخسارت تۆفانی غەزەب هەڵدەکات؟
ئەی کیژۆڵەی نازدار
نایەتە بیرت ساڵی پار
لە وەرزی هەورەتریشقە وبەهار
لە رۆژێکی تەر بە تاوێکی گرژی باران
رێمان کەوتە لاتان
ئێمە کۆمەڵێك گەنج وپیاو تێکەلآو
شەکەت وماندوو
هەڵپەمان بوو بۆ پاروێ نان وقومێ ئاو
کیژۆڵە باریك وبێدەنگەکەی سەفین
ئاورێکم لێبدەرەوە
من رێبوارەکەی ساڵی پارم
نەناحەز ونە نەیارم
هەموو ساڵێ لە گەڵ
یەکەم لارولەنجەی نێرگز وگولآڵە سوورە
شەیدای بینینی تۆیە
سەر قافڵەی
سەفەری ئەم رێگا دوورە
حەز دەکەم بزانم لە گەلارێزانی پاییز
لە سەرماو سۆڵەی زستان
بووکی پەرۆت دەوێ
یا شێرە بەفرینەی کۆلآن
پێم بلێ کامیانت دەوێ
تا یەخەی یەزدانت بۆ بگرم
وسەفینت بۆ بکەم بە لانەی خەونەکان
ئەی کیژۆڵەی شەرمنی جوانکیلە
بۆ هەنسکت سەفینی هەراسانووە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
30-1-2007 15:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بە توندی دەروازەی بیرەوەریەکانت بکوتەرەوە
لەسەرخۆ وبێدەنگ والآی کەرەوە
شەپۆلێکی هەڵچوو
تورە وبێ ئارام
سەفینت بۆ دەهروژێنێتەوە
سەدای لایەلایەی دایکت
گوێی درەخت وچەمی
بە نەغمەیەك سۆزتر لە هاژەی رووبار تەنیوە
بۆنی خۆڵی کوتراو بە تاوێ باران
سنگی ئاسمانی ئەم دۆڵ وکێوەی
بە عەترێ خۆشتر لەمێخەك بەخشیوە
چۆن بالآی شاخ ورەنگی گوڵەباخ وهەوای بەفر
دلگیرترین تریفەی لە چاوتا نەخشاندوە
ئاوا منیش لەم وەرزە بێ ناوەدا
کرنوشت بۆ دەبەم و سەفینت بۆدەکەم
بە کۆشکی حەزەکان
ئەی کچە تاقانەکەی سەفین
منیش وەك تۆ تەنیام
بیرت نایە ساڵی پار
لە وەرزی شەر وکوشتار
تینی گەردەلولی زوحاك
رۆحی بزێوی کوێستانی
هەڵلووشی بۆ قولآیی خاك
لەو ساتەوە تۆ ومن
من وتۆش
خزێنراوینەتە چوارچێوەی
تابلۆیەکی بۆش
دەیان هەزار جار
وەك نوشتەو ودوعای دوپشك ومار
بە دەرزیەگی ژەنگدار
یەخەی چاکەتێکی حەریر وبۆندارمان رازانۆتەوە
جار جار لە سەر لێوی تەر بە شیری حۆری وغولمان
جار جار لە ناوچەوانی پەرە رزیوەکان
باسێکیمان دەکەن، دەمان خوێننەوە
ئەی کیژۆڵە قەشەنگەکەی سەفین
وەرە لام تا جارێکی تر پێکەوە
سەفین بکەین بە قەلآی خۆمان
جارێکی تر ئەلف وبای بە کورد بوون بهۆنینەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
30-1-2007 15:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

جارێکی تر لەگەڵ دار ودرەختی سەفین ئەی رەقیب بلێینەوە
جارێکی تر وەك پەپولەکانی بەهار
ئەم لوتکە وئەو بنار بەسەر بکەینەوە
ئەی کیژۆڵە بێناوەکەی سەفین
منیش وەك تۆ
گەنجینەی بیرەوەریەکانم
سوراغی تیشکێکە
کفنی مردن بکات بە بەریدا
سەمای خۆشەویستی بەرپا بکا
منیش وەك تۆ
داخ لە دڵم
رێبوارەکانی قافلەی سالانی پێشوو
بەجێیان هێشتووم
کیژۆڵە ئاوری لێدامەوە
بە سەرنجێکی بە ترس تەنراو
بە زەردەخەنەیەکی لەگەل گومان تێکەڵاو
منی ناسیەوە

چیا عباس صاحیقران
ئۆکتۆبەری 2006 رۆتەردام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.